King County

# کارە لەپێشینەییە یاساییەکانی ویلایەت/وڵات بۆ ساڵی 2024 بۆ منداڵان، ئەوانەی کە دوچاری دواکەوتنی گەشەکردن هاتوون و ئەو خەڵکانەی پەککەوتەیی هزری و/یان گەشەکردنیان هەیە

پێویستە خزمەتگوزارییەکان بۆ ئەوکەسانەی دوچاری دواکەوتنی گەشەکردن و پەککەوتەیی هزری و/یان گەشەکردن هاتوون **(I/DD)** بەردەوام و یەکسان بێت، هەروەها گشتیگیر بێت و ببێتە مایەی درووستکردنی هەستی ئینتیمابوون. کارە لەپێشینەییەکانی ساڵی 2024 ئامانجییەتی کە دیدگاکە بەدەست بهێنێت و ڕەنگدانەوەی بۆچوونی ئەو کۆمەڵگایانەبێت کە کاریگەرییان کەوتۆتە سەر لە سەرتاسەری هەرێمەکەدا، بەشێوەیەک سەرنج بخاتە سەر ئەو کەسانەی دوچاری دواکەوتن بوونە و پەککەوتەن، و ڕەش پێست، دانیشتوانە ڕەسەنەکان، و تەواوی ڕەنگەکانی تر جگە لە ڕەنگی سپی پێست **(BIPOC).**



www.kingcounty.gov/ddecsd

## کارە لەپێشینەسەکان

### لەپێشینەیی 1

یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لەوەی تاکە کەسەکان و خێزانەکان خزمەتگوزارییەکان وەردەگرن لەلایەن ئەو کەسانەی کە بە زمانی خۆیان قسەدەکەن و بەگوێرەی پێداویستییە کەلتورییەکانیان مامەڵە دەکەن

### لەپێشینەیی 2

(ESIT) یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی پاڵپشتی زوو بۆ ئاژانسەکانی کۆرپەلە و منداڵە بچوکەکان لە وەرگرتنی خوێندن و پەروەردەی تایبەت کە بۆ مانگی یەکەم تێچووەکەی بدرێت و هاوشان لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خێزانەکان

### لەپێشینەیی 3

یان هەیە لە دەستکەوتن و پارێزگاریکردن لە کارەکانیان، و داخڵکردنیان I/DDیارمەتیدانی ئەو کەسانەی حاڵەتی لە کۆمەڵگەکانیان، لەڕێگەی زیادکردنی ئەو پرەی کە دابینکارانی خزمەتگوزاری و داخڵکردنی کۆمەڵگە پێیان دەدەن

### لەپێشینەیی 4

یارمەتیدان لە دڵنیابوون لە دەستخستنی شوێنی نیشتەجێکردن بە تێچووی گونجاو، و پاڵپشتی هەیە I/DDنیشتەجێکردن بەشێوەیەک بەردەست بێت بۆ ئەو کەسانەی حاڵەتی

### لەپێشینەیی 5


دامەزراندن و ڕاهێنانی دابینکارانی تەندروستی ڕەفتاری لەگەڵ شارەزایان بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر هەیە I/DDخزمەتی ئەو خەڵکانە بکرێت کە حاڵەتەکانی

2310_13388R_DevelopDisabLegisForum.ai

# لەپێشینەیی 1 - دەستخستنی زمان

یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لەوەی تاکە کەسەکان و خێزانەکان خزمەتگوزارییەکان وەردەگرن لەلایەن ئەو کەسانەی کە بە زمانی خۆیان قسەدەکەن و بەگوێرەی پێداویستییە کەلتورییەکانیان مامەڵە دەکەن

دەستخستنی زمان لە هەموو سیستەم و بەرنامەکاندا گرنگە بۆ دڵنیابوون لەوەی هەموو کەسێک دەتوانێ دەستی بگات بە خزمەتگوزارییەکان بەبێ گوێدانە ئەو زمانەی قسەی پێ دەکەن. هەروەها گرنگە کە خزمەتگوزارییەکان هاوئاهەنگ بن لەگەڵ کەلتوری خێزانەکان. خەڵکان و خێزانەکان سوود وەردەگرن لە خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشیان دەکرێت لەلایەن ئەو دابینکارانەی کە کەلتور، مێژوو، بیروباوەڕ و زمانیان وەکو خۆیانە. ئەمەش مانای وایە کە ئەو خزمەتگوزارییەی وەریدەگرن پەیوەندیدارە، مایەی دروستکردنی پەیوەندییە، پاڵپشتیکارە و دادپەرورانەیە




وەرگێرانی بەڵگەنامەی خزمەتگوزاری هەمەجۆر بۆ سەر زمانی پەسەندی تاکەکان و خێزانەکان زۆر گرنگە، بەڵام هەروەها نرخیشی بەرزە. ئەمەش هەروەها ڕاستە بۆ وەرگێرانی فەوری (دەمودەست)، کە ئەمە لە هەموو بارەکاندا لەلایەن دڵنیایی ڕوومالٌ ناکرێت. دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێ ئاستی جۆری خزمەتگوزارییەکان بەرزبکاتەوە کە شایەنی تاکە کەسەکان و خێزانەکانە لەڕێگەی دابینکردنی پرەپارە بۆ دستگەیشتن بە زمانەکان بۆ ئاژانسەکانی ویلایەت/وڵات، لەوانە فەرمانگەی کارگێڕی گەشەکردنی ، بەشی منداڵان، گەنجان، و خێزانەکان، بەشی دووبارە ژیاندنەوەی پیشەیی، و (DDA) پەککەوتەیی دەسەڵاتی چاودێری تەندروستی



ئەو دانیشتوانانەی کە پەککەوتەییان هەیە و ڕەش پێستن، دانیشتوانی ڕەسەنن، و ئەو خەڵکانەی ڕەنگی پێشتیان جگە لە ڕەنگی سپییە بە ناوچەی کینگیان گوتووە کە کێشەیان هەیە لە دەستخستنی پێداویستییەکانیان لە گەشەکردنی پەککەوتەیی، چاودێری تەندروستی، و سیتەمەکانی پەروەردەیی K-12. خێزانەکان هەواڵ دەدەن لەبارەی ئەوەی کە دوچاری لایەنگری (جیاکاری) ڕەگەزی، کەلتوری و زمان دەبنەوە


# لەپێشینەیی 2

یارمەتیدان بۆ دڵنیابوون لە دابینکردنی پاڵپشتی زوو بۆ ئاژانسەکانی کۆرپەلە و منداڵە بچوکەکان (ESIT) لە وەرگرتنی خوێندن و پەروەردەی تایبەت کە بۆ مانگی یەکەم تێچووەکەی بدرێت و هاوشان لەگەڵ دابینکردنی خزمەتگوزارییەکان بۆ خێزانەکان



ئاژانسەکانی پاڵپشتی کردنی زوو پێویستە چەندین هەنگاو ببرن بەرلەوەی خێزانێک بتوانێ ناوی تۆمار بکرێت و بەشدار ببێت و دەکرێ ئاژانسەکە پرەپارەی خوێندنی تایبەتی بۆ خەرج بکرێت. دابینکاران کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری خێزانەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی منداڵ و پاڵێوراو بوونی، و بۆ نووسینی ڕاپۆرتێک، و بۆ بینینی چاودێریکاران و پلاندانان بۆ خزمەتگوزارییەکان. دواى هەموو ئەم کارانە، دەست بە خزمەتگوزارییەکان دەکرێت لەگەڵ منداڵان و خێزانەکان، بەڵام ئاژانسەکان هێشتا **ناتوانن** پسوولەی پارەوەرگرتن دەربکەن بۆ خوێندنی تایبەت بۆ مانگێکی تر

ئاژانسەکانی پاڵپشتی کردنی زوو پێویستە چەندین هەنگاو ببرن بەرلەوەی خێزانێک بتوانێ ناوی تۆمار بکرێت و بەشدار ببێت و دەکرێ ئاژانسەکە پرەپارەی خوێندنی تایبەتی بۆ خەرج بکرێت. دابینکاران کاردەکەن بۆ کۆکردنەوەی زانیاری خێزانەکان، بۆ هەڵسەنگاندنی گەشەکردنی منداڵ و پاڵێوراو بوونی، و بۆ نووسینی ڕاپۆرتێک، و بۆ بینینی چاودێریکاران و پلاندانان بۆ خزمەتگوزارییەکان. دواى هەموو ئەم کارانە، دەست بە خزمەتگوزارییەکان دەکرێت لەگەڵ منداڵان و خێزانەکان، بەڵام ئاژانسەکان هێشتا **ناتوانن** پسوولەی پارەوەرگرتن دەربکەن بۆ خوێندنی تایبەت بۆ مانگێکی تر




زیاد دەکات بە ڕێگەپێدانیان ESITگۆڕانکارییەکی بچوک لە یاسادا پرەپارەی تەرخانکراو بۆ ئاژانسەکانی بەوەی کە پسوولەی پارە وەرگرتن دەربکەن بۆ مانگی یەکەمی خزمەتگوزارییەکان کە پێشکەشی منداڵە پاڵێوراوەکان دەکرێت. تەنیا دەسەڵاتی یاسادانان دەتوانێ ئەم گۆڕانکارییە بکات

## لەپێشینەیی 3

یان هەیە لە دەستکەوتن و I/DDیارمەتیدانی ئەو کەسانەی حاڵەتی پارێزگاریکردن لە کارەکانیان، و داخڵکردنیان لە کۆمەڵگەکانیان، لەڕێگەی زیادکردنی ئەو پرەی کە دابینکارانی خزمەتگوزاری و داخڵکردنی کۆمەڵگە پێیان دەدەن

I/DDخزمەتگوزارییەکانی دامەزراندن و داخڵکردنی کۆمەڵگە یارمەتی تاکە کەسەکان دەدات کە حاڵەتی هەیە لە دەستکەوتن و پارێزگاریکردن لە کارەکانیان و دەستگەیشتن بە کۆمەڵگە. ئەو کەسانەی کار و پیشەیان هەیە لەڕووی داراییەوە جێگیرن، زیاتر سەربەخۆن، و بەشداری دەکەن لە هێزی کار و پرۆسەی ئابووری، کە ئەمەش یارمەتی هەموو کەسێک دەدات. ئەو کەسانەی کارو پیشەیان هەیە و دەستیان بە کۆمەڵگە دەگات، هەروەها سوود وەردەگرن لەڕێگەی دۆزینەوەی هاوڕێی نوێ و فێربوونی کارامەیی نوێ

دابینکارانی خزمەتگوزاری دامەزراندن و داخڵکردنی کۆمەڵگە کە یارمەتی خەڵک دەدەن لە دەستکەوتن و پارێزگاریکردن لە کارەکانیان لە کۆمەڵگاکان ناتوانن کاروپیشە بەتاڵەکان پڕ بکەنەوە. فەرمانگەی لێکۆڵینەوەیەکی داوە بە دەسەڵاتی یاسادانان لە (DDA) خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی و کۆمەڵایەتی ساڵی 2022 دا ئەوەی تێدا ڕوونکراوەتەوە کە دابینکارانی خزمەتگوزاری پێویستییان بە چەند پرەپارە هەیە بۆ پڕکردنەوەی شوێنەکان و ڕووماڵکردنی تێچووی خزمەتگوزارییەکان. ئەگەر دەسەڵاتی یاسادانان ئەو پرە دابینکارانی ناوچەی کینگ دەڵێن کە دەتوانن بەتەواوی %81دابین بکات کە لە لێکۆڵینەوەکە داواکراوە، خزمەتی هەموو بەشداربووانی ئێستایان بکەن، و 86% دەڵێن کە دەتوانن بەشداربووی نوێ وەربگرن کە بەدوای کار و دامەزراندندا دەگەڕێن

**هەر دۆلارێک کە لە کار و دامەزراندندا وەبەرهێنان دەکرێت پاڵپشتی پری 60 سەنتی گەڕاوە بۆ ناو ئابووری دەکات**

**لەسەر بنەمای ڕاپرسییەکی نوێی دابینکارێک، ئەگەر پرەپارەکان زیادبکرێن بۆ ئەو ئاستەی ڕاسپێردراوە، دابینکاری زیاتر دەتوانن بەتەواوی خزمەتی بەشداربووانی ئێستایان بکەن و بەشداربووی نوێ وەربگرن کە خولیای کار و دامەزراندنیان هەیە**

خزمەتکردنی تەواوەتی بەشداربووانی ئێستا

- **ڕێژەی ئێستا** %43
- **ڕێژەی ڕاسپێردراو** %81

وەرگرتنی دامەزراندنی بەشداربووی پاڵپشتی کراوی نوێ

- **ڕێژەی ئێستا** %48
- **ڕێژەی ڕاسپێردراو** %86

بەگوێرەی ڕاپرسییەکی نوێ، تەنیا %43 ی دابینکاران هاوبەشییان بەوەکردووە کە ڕێژەی ئێستا ڕێگەیان پێدەدات کە بەتەواوی خزمەتی بەشداربووان بکەن



# لەپێشینەیی 4

یارمەتیدان لە دڵنیابوون لە دەستخستنی شوێنی نیشتەجێکردن بە تێچووی گونجاو، و پاڵپشتی
هەیە I/DDنیشتەجێکردن بەشێوەیەک بەردەست بێت بۆ ئەو کەسانەی حاڵەتی

لە ویلایەتی واشنتن، نزیکەی 37,000 کەسی تەمەن گەورە (بالغ) کە پەککەوتەیی هزری و گەشەکردنیان (I/DD) هەیە ڕووبەڕووی نائارامی نیشتەجێکردن دەبنەوە

ئەو کەسانەی حاڵەتی I/ DD هەیە پێویستییان بە شوێنی نیشتەجێکردن هەیە کە لەڕووی تێچووەوە گونجاو بێت لەگەڵ بوونی خزمەتگوزاری پاڵپشتیکراو

**37,000** یەکەی تر پێویستن بۆ دابینکردنی پێداویستییەکانی تری نیشتەجێکردن کە جێبەجێ نەکراون



پری **1,328** یەکەی دروستکراوە بۆ ئەو **HTF** کەسانەی حاڵەتی**IDD** هەیە

**IDDشوێنی نیشتەجێکردنی بەردەست بۆ تاکە کەسەکان کە حاڵەتی**
**هەیە تەنیا کەمتر 4%٪ پێداویستی گشتی پێک دەهێنێت**
پێویستی نیشتەجێکردنی خەمڵێنراو کە جێبەجێ نەکراوە لە بەرامبەر
لەەر ئاستی ویلایەت HTF IDD یەکە هەڵگیراوەکانی



**1** لە هەموو **10** کەسێک کە دەکاتە **(11%)** ئەو خەڵکانەی دوچاری بێ لانەیی دەبنەوە لە ناوچەی کینگ هەواڵیانداوە کە **IDD**حاڵەتی هەیە

سەرچاوەیەکی (HTF) بڕەپارەی ترەستی نیشتەجێکردن گرنگە بۆ تەرخانکردنی پارە بۆ پرۆژەکانی نیشتەجێکردن کە تێچووی گونجاویێت لە ناوچەی کینگ (King County). HTFسەرچاوەکانی دابینکردنی پارەی هەمیشەیی پێویستە بۆ و ویلایەتەکانی تر و بژاردەکانی نیشتەجێکردنی ناوخۆیی. لەڕێگەی دروستکردنی سەرچاوەی دابینکردنی پرەپارەی ، ویلایەتەکە HTFهەمیشەیی و زیادکردنی پرەپارەی زیاتر بۆ دەتوانێ ڕێژەی شوێنی نیشتەجێکردنی تێچووی گونجاو و ئاسان دەستگەیشوو زیاد بکات. هەروەها بژاردەکانی تەرخانکردنی پرەپارەی نیشتەجێکردنیش پێویستە. ئەمەش پرەپارەی کارەکان و چاکردنەوەی شوێنەکانی نیشتەجێکردن دەگرێتەوە بۆ دابینکارانی نیشتەجێکردنی بێ-قازانج بۆ پاڵپشتیکردنی خاوەندارییەتی ماوە-درێژ

هەیە. I/DDکاتێک دێینە سەر بابەتی نیشتەجێکردن، ئاسان دەستگەیشتن کارێکی گرنگە بۆ ئەو کەسانەی حاڵەتی بەشێک لە ئاسان دەستگەیشتن بە شوێنەکانی نیشتەجێکردن ئەو پاڵپشتییەیە کە دابینکراوە لەلایەن هێزی کاری خزمەتگوزارییەکانی دانیشتووانی کۆمەڵگەیی. ئەم هێزی کارە بە بەردەوامی بەدەست کەمی پارەی تەرخانکراو ناڵاندوویەتی. بەگوێرەی کۆمەڵەی خزمەتگوزارییەکانی دانیشتووانی کۆمەڵگەیی، نزیکەی 50٪ ئەو هێزی کارەی ئەزمونیان کردووە لە هەموو ساڵێکدا شوێنەکە بەجێدەهێڵن. زیادکردنی ڕێژەکانی دابینکار یارمەتیدەرە لەم بابەتە. یارمەتیدەرە لە DSHS DDAتەرخانکردنی پرەپارەی زیاتر بۆ کارگوزارانی خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتی نیشتەجێکردن لە باشترکردنی هەماهەنگی لەنێوان نیشتەجێکردن و خزمەتگوزارییەکانی پاڵپشتیکردن



کۆمەڵگاکەمان پێمان دەڵێت کە جێگۆڕکێکردنی شوێنی نیشتەجێکردن کارێکی زەحمەتە. ئەمە کە زمانی ماڵەوەیان زمانێکی ترە جگە لە زمانی BIPOC بەدیاریکراوی ڕاستە بۆ خێزانەکانی ئینگلیزی

# لەپێشینەیی 5

د[illegible]اندن[illegible]هێنانی دابینکارانی تەندروستی ڕەفتاری لەگەڵ شارەزایان بۆئەوەی بەشێوەیەکی کاریگەر خزمەتی ئەو خەڵکانە بکرێت کە حاڵەتەکانی I/DD هەیە


زۆرێک لە دابینکارانی تەندروستی ڕەفتاری، دەناڵێنن بەدەست کەمی ڕاهێنانی تایبەتمەند و ئەزموون لە خزمەتکردنی و پێداویستی تەندروستی ڕەفتاریان هەیە. ڕاهێنانی تایبەتمەند یارمەتی دابینکاری I/DD خەڵک کە حاڵەتی تەندروستی ڕەفتاری دەدات لەوەی بەشێوەیەکی گونجاو دەستنیشانی نەخۆشی بکەن و پاڵپشتی لە نیشانەکانی نەخۆشی خەڵک بکەن، کە ئەمە دەکرێ جیاواز بەدیاربکەوێت بۆ ئەو کەسانەی حاڵەتی I/DD هەیە. ڕاهێنانی تایبەتمەند هەروەها دەکرێ سوود بەخش بێت لە کاتی قەیرانەکاندا بۆ کەمکردنەوەی ژمارەی ئەو خەڵکانەی حاڵەتی I/DD هەیە، کە دەکەونە ژوورەکانی بەشی فریاگوزاری نەخۆشخانە بۆ دەستکەوتنی خزمەتگوزارییەکانی جێگیرکردنی باری تەندروستی



## دەنگی کۆمەڵگا

ئەندامانی کۆمەڵگا لە ناوچەی کینگ هەواڵیان داوە بەوەی پێشوازییان لە دانیشتنی گوێگرتن کردووە بەوەی کە زەحمەتە بتوانرێ لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی ڕەفتاری ئەو کەسانە بدۆزرێنەوە کە حاڵەتی I/DD هەیە و زۆرجار ئەو خزمەتگوزارییە لەلایەن کەسانێک دابین دەکرێت کە ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە بکەن و ناتوانن هاوبەشی بە کەلتوری ئەوان بکەن

یەکێک لە ڕێگاکانی زیادکردنی ژمارەی چارەسەرکاری تەندروستی ڕەفتاری کە ڕاهێنانی تایبەتمەندیان هەبێت ئەوەیە کە پەرەپارە تەرخان بکرێت بۆ دووبارە دەستکردن بە قەرزی قوتابی و بەرنامەکانی لێخۆشبوون بۆ ئەو کەسانەی کە تایبەتمەندن لە باری I/DD. ڕێگایەکی تری زیادکردنی چارەسەرکاران بریتیە لە ڕاهێنان کردن بە دابینکارانی ئێستا لەبارەی چۆنییەتی ناسینەوە و چارسەرکردنی ئەو کەسانەی حاڵەتی I/DD و پێداویستی تەندروستی ڕەفتارییان هەیە



بە نزیکەیی **2** کەس لە هەر **5** کەسێکدا کە دەکاتە (**37**%)ی ئەو کەسانەی پاڵێوراون بۆ خزمەتگوزارییەکانی **DDA** لە ویلایەتی واشنتن، هاوشان لەگەڵ ئەمەدا، پێداویستی چارەسەری تەندروستی ڕەفتاریشیان هەیە

ئەندامانی کۆمەڵگا لە ناوچەی کینگ هەواڵیان داوە بەوەی پێشوازییان لە دانیشتنی گوێگرتن کردووە بەوەی کە زەحمەتە بتوانرێ لە خزمەتگوزارییەکانی تەندروستی ڕەفتاری ئەو کەسانە بدۆزرێنەوە کە حاڵەتی I/DD هەیە و زۆرجار ئەو خزمەتگوزارییە لەلایەن کەسانێک دابین دەکرێت کە ناتوانن بە زمانی خۆیان قسە بکەن و ناتوانن هاوبەشی بە کەلتوری ئەوان بکەن